# بۆچی روناكبیرانی ناسیونالیست هاتونەتە پاڵ رفراندۆم؟

ئاسۆ كمال

شێركۆ بێكەس وچەند روناكبیریكی سلیمانی كەوتونەتە بانگەوازی رفراندۆم سەبارەت بە پێكهێنانی دەولەتی كوردی لە كوردستانی عیراقدا. هاتنە پاڵی رفراندۆم بۆ ئەمان وەك خۆیان دەلێن لە "چارەنوسی نادیاری كوردستانەوە سەرچاوەی گرتوە"، بەڵام ئەم چارەنوسە لای ئەوان 12 ساڵ نی یە نادیارە بەلكو تەنها چەند مانگیكە. رفراندۆم لای ئەم دەستە روناكبیرە وەسیلەیەكە كە وەڵام بەم چارەنوسە نادیارە دەداتەوە و بە پێی ترس ونیگەرانی وگومان كە لەئەمریكاو ئیئتلافی قەومی وشیعەی سیاسی و لە مەجلسی حوكمیان هەیە رفراندۆم بەوەسیلە دەزانن بۆ گەیشتن بە دەولەتیكی قەومی كوردی كە لەم ترس ونیگەرانیانە بیانپاریزێت. پێش ئەوەی بچینە سەر قسەكردن لەسەر خودی پرۆژەكەیان پێویستە چەند راستیەك سەبارەت بە پێشینەی حەرەكەتی رفراندۆم لە كوردستانی عیراقدا باس بكەم، كە من لە چەند سالی رابردووەوە وەك سیاسەتیكی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق دەستپێشكەریم تیایدا كردوە و بەخەلكی كوردستان ودەرەوەم ئاشناكردوە، تاكو جیاوازی ئامانجی ئێمە نیشان بدەم لە ئامانجی ئەم دەستە رۆشنبیرە ناسیونالیستەلە مەسەلەی رفراندۆم دا.

سەرەتا ئەوە بلێم كە حەرەكەتی ئێمە بۆ بەرەسمی ناساندنی مافی خەلكی كوردستان بۆ بەرپاكردنی رفراندۆم بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی كوردستان بەردەوامە و ئێمە چەند سالە چ روو بەئەحزابی حاكم لە كوردستاندا و چ روو بەكۆمەلگای نیودەولەتی ونەتەوەیەكگرتوەكان كارمان بۆ ئەمە كردوە. لەگەل هەر كەس ولایەنیك كە سەرەرای هەر جیاوازیەكی فكری وسیاسیش هەمان بیت ئامادەین كە كار بۆ بەدەست هینانی ئەم مافەی خەلكی كوردستان بكەین. ئەمە لیسەندنەوەی دەسەلاتە لە ئەحزابی ناسیونالیست كە یاری بەچارەنوسی خەلكی كوردستانەوە بكەن، ریگەگرتن لە مامەلە و مساوەمەی یەكیتی وپارتی یە بە كیشەی خەلكی كوردەوە وە لە بەرامبەردا گەرانەوەی بریارە بۆ دەستی جەماوەری ملیۆنی خەلكی كوردستان تا ئایندەی سیاسی كوردستان دیاری بكەن. لەسەر ئەم مافەی خەلكی كوردستان حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق 8 سالە لە كیشەدایە لەگەڵ ئەحزابی ناسیونالیستی حاكمدا. ئێمە بەرامبەر بە پیشیل كردن و بەرەسمی نەناسینی ئەم مافە لەلایەن بزوتنەوەی ناسیونالیستی كوردەوە بۆ خەلكی كوردستان راوەستاوین و بەردەوامین لەم حەرەكەتی رفراندۆمەدا تا بەدەست هینانی ئەم مافە. هاوكاتی هەر هاوكاریەك لەگەڵ ئەو كەس ولایەنانەی كە خوازیاری دیاریكردنی چارەنوسی كوردستانن لەریگای رفراندۆمەوە، دەبیت جیاوازی حەرەكەتی رفراندۆمی ئێمە لەگەڵ ئامانجی ئەم روناكبیرە ناسیونالیسانەی كورددا نیشان بدەم كە ئیستا هاتونەتە پاڵ خواستی رفراندۆم.

ئاشكرایە كە لە چەند ساڵی رابردوودا هەركام لە شێركۆ بێكەس وهاوریكانی ئاگاداربون كە لە كوردستاندا ئەم حەرەكەتە هەیە بۆ بەرپاكردنی رفراندۆم سەبارەت بە دیاریكردنی ئایندەی سیاسی كوردستان. ئەمە چ لەریگای گۆڤاری وەرزی رفراندۆم كە لە كوردستان ودەرەوە دەرم كردوە و چ لەریگەی كۆر وپانیل و سیمیناری جۆراوجۆرەوە لە شارەكانی كوردستان و لەئەوروپا، وەهەروەرەها چ لەریگەی دیدارو وتویژ لە گەڵ سیاسە تمەداران و روناكبیران لەوانە خودی شێركۆ بێكەس وهاوریكانیشی هەموو لایەك ئاگاداری ئەم حەرەكەتە بوە. بەڵام ئەم دەستە روناكبیرە لەم چەند سالەدا جگە لەبیدەنگی بەرامبەری هیچی تریان هەلنەبژارد و ئیستاش كە هاتونەتە پاڵ رفراندۆم نەك باسیك لەم حەرەكەتە ناكەن و جیاوازی خۆیان لەگەڵ حەرەكەتی ئێمە بۆ رفراندۆم باس ناكەن بەلكو خۆیان بە ئالاهەلگرانی حەرەكەتیكی تازە نیشان دەدەن كە رفراندۆمە و بیدەنگن لە ئاست حەرەكەتی رفراندۆمدا كەلەدەرەوەی ئەوان هەیە. دەلیلی ئەم هەلویستەیان ئاشكرایە. بیدەنگی چەند ساڵی رابردویان سەبارەت بە رفراندۆم بەهۆی ناتەبایی ئەوان بوو لەگەڵ ئەم حەرەكەتەدا ئەو كات ئەوان پیویستیان بەرفراندۆم نەبوو چونكە دەسەلات بەدەست ئەحزابی ناسیونالیستەوە بوو وە ئەوان ترس و نیگەرانیان لە ئایندەی كوردستان نەبوو. ئەوكات ئەوان رفراندۆمیان بەمافی مرۆڤ و مافی بریاردان لەسەر چارەنوس نەدەزانی چونكە دەسەلاتداریتی ناسیونالیزمی كوردیان بە چارەنوسی دیاری خەلك دادەنا و لەوەش زیاتر مافی مرۆڤی كوردیان بۆ بریاردان لەسەر ئایندەی سیاسی بەرەوا

نەدەزانی . ئیستاش کە قەناعەتیان بەم مافە هیناوە دیسانەوە دەیانەویت لەقالبیکی تردا و بەجیاواز لەو حەرەکەتەی بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم لە کوردستاندا هەیە ئاما نجەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.

روناکبیری ناسیونالیست بەشیك لە بزوتنەوەی کۆمەلایەتی ناسیونالیستی کوردە کە هەمیشە لەسیبەری دەسەلاتی سیاسی ناسیونالیزمدا حەرەکەت دەکات و دەیەویت کەموکوریەکانی ئەحزابی حاکمی ناسیونالیست پڕبکاتەوە. ئەگەر ئەمە حوکمیکی گشتی بیت و هەندیك جار ئیستیسنا هەبیت لەم قاعیدەیەدا و روناکبیر دژی بزوتنەوە سیاسیەکە خۆی بوەستیتەوە، ئەوا روناکبیری ناسیونالیستی کورد لەو ئیستسنایەش بەدەرە و زۆر بەدەگمەن رەخنەکانی سنور دەبەزینیت و هەمیشە سەرکوتکراوە و زۆر کاتیش ئەم وەزعەی خۆی پێقبوڵ ئەکریت. بەم شیوەیە روناکبیری ناسیونالیست لە دژایەتی و ناتەبایی دایە لەگەڵ حەرەکەتی ئازادیخوازانەو مافی خەلکی ستەملیکراودا لەچەن سالی رابردوو لە کوردستان کاری کردوە و کاری روناکبیری ئەو لەخزمەت راگرتنی ئەم ستەمەدا بووە. هەربۆیە سەیر نی یە کە ئەم روناکبیرانەی 8 سالە لە کوردستان باسی رفراندۆمیان بیستوە و 5 سالە لە چەندین حەرەکەتی ئیمزا کۆکۆدنەوە و کۆبونەوەی جەماوەری و میدیاوە ئەم حەرەکەتەیان ناسیوە ئەمڕۆکە هاتونەتە سۆراغیەوە و تادوینێ لەبەر ئەوەی ئەمە حەرەکەتی کۆمۆنیزمی کریکاری و چەپی کۆمەلگای کوردستان بوو وە رفراندۆم ئەم حەرەکەتە کۆمۆنیستیەی پێ بەهیز دەبوو لاموبالات بون بەرامبەری و ئەم مافەی خەلکیان بەگویدا نەدەچوو.

<u>بۆچی ئیستا رفراندۆم پیویستە؟</u>

لە هینانەوەی دەلیلی ئەم هەلبژاردنەی ئیستایان بۆ شیوازی رفراندۆم دا دەلین " چەند مانگیکە هاو پە یمانان رژیمی عیراقیان روخاندوە بەلام هیشتا چارەنوسی کوردستان نادیارە و هەمووشی لە تەمومژیکی ئەستورەوە پیچاوە". "ئالیرەوە لای ئیمە جۆریك نیگەرانی ز گومان و دوو دلی دروست ئەبێ. " ( قسەکانی شیرکۆ بیکەس لە رۆژنامەی هاولاتی ژمارە136دا )

ڕاستی ئەوەیە کە کوردستان لەدوای جەنگی دوەمی خلیجەوە واتە دوای مایسی 1991 ەوە چارەونوسی نادیارە و هەمووشی لەتەمو مژیکی ئەستورەوە پیچراوە. بۆچی ئەم کەسە روناکبیرانە ئەو چەند سالە دانیان نەدەنا بەوەی چارەنوسی کوردستان نادیارە و تەنها چەند مانگیکە ئەم چارەنوسە وون بوە لەلایان. ئایا ئەو دانزە سالەی رابردوە کە چارەنوسی خەلکی کوردستان نادیاربوو ئەمان خەوی ئەسحابەی کەهفیان لیکەوتبوو! بەهۆی ئەو وەزعە هەلواسراو و نادیارەی کوردستانەوە کە هیچ ئیعترافیکی پینەدەکرا و وەك مالی بێ دەرگاو پە نجەرەی لیهاتبوو دەیان وسەدان جار دەیان وسەدان جار سوپای پاسداران و تورکیا و حەرەس جمهوریش خۆیان پیدانەدەکرد. پارتی ویەکیتی بەهۆی چارەنوسی نادیاریانەوە چوار سال شەڕی ناوخۆیان نەکرد و کوردستانیان ویران نەکرد. ئەتوانن بچن لەو سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەرانە بپرسن کە وەزعی نادیارو سەرگەردانی کوردستان سەرچاوەی کۆڕەوی ئەوان نەبوە بۆ هەندەران؟

ویژدانی ئەم روناکبیرانە بۆچی بە دوانزەسالی مەینەتی سەرگەردانی دیارنەبونی چارەنوسی کوردستان بەخەبەر نەهات بەلام چەند مانگیکە بەتەواوەتی ترس و گومان وای لیکردون بیر لە دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان لەریگەی رفراندۆمەوە بکەنەوە. دوانزە سالی رابردوو بۆ روناکبیرانی ناسیونالیست بە پیچەوانەی چینی چەوساوەو بەشمەینەتی کوردستانەوە دەورانی زێرینی دەسەلاتداریتی ناسیونالیزمی کورد و دیاربونی چارەنوسی ئەو دەسەلاتە بوە.

ئەم ترسەی لای ئەم روناکبیرانە دروست بوە ئەوە نی یە کە چارەنوسی ئەم خەلکەی کوردستان نادیارە چونکە ئەمە شتیکی تازە نی یە بەلکو وەکو خۆیان دەلین " تیکچونی ئەو وەزعەی ئیستای کوردستانە "، ترسە لە "نامەعلوم بونی فدرالی" و ترسە لە "ئیمامی شیعەی نەجەف" و نیگەرانی یە لەوەی " دەستور کێ دای ئەنیت؟ " وە هەروەها گومانە لەوەی کە هیچ کات کوردەکان لە ئە نجومەنی حوکمدا ناگەنە دوو لەسەر سێ". ئەمانە هاندەری ئەسلی ئەم روناکبیرانەیە بۆ بیرکردنەوە وکارکردن بۆ رفراندۆم.

ئایا ئەمانە هیچ کامیان بیر کردنەوە لە مافەکانی خەلکی کوردستانە و بیر کردنەوەیە لەوەی کە خەلکی کوردستان خۆی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەبیت ؟ بێگومان نا. ئاشکرایە ئەمانە بیرکردنەوە لەمافی ئەحزابی حاکمی ناسیونالیستی کورد و کیشەی ئەوانە لەسەر مانەوە و دەسەلات. ناسیونالیزمی کورد خۆی بەشیکە لەم ترس وگومان و دودلیانە کە چارەنوسی عیراق و کوردستان لەسایەی ئەوان و

هاوپەیمانەکانیدا توشی نادیاری کراوە. ناسیونالیزمی کورد قوربانی نی یە بەلکو خۆی بەشیکە لەم سیناریۆ ڕەشەی ترس و هەڕەشە و نادیاری دینێ. با سەیریکی لیستی ئەو کیشانەی ناسیونالیزمی کورد بکەین کە روناکبیرانی ناسیونالیست دەیانەویت وەك کیشەی خەلکی کوردستان بیکەنە دەلیلی پیویستی جیابونەوەی کوردستان و لەژیر ناوی پاراستنی کوردستاندا لەخەتەری تازە ی ئەم چەند مانگە خەلکی کوردستان بەسیج بکەن بۆ خزمەت بە پاراستنی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لە ململانێی لەگەڵ رەقیبەهاوپەیمانەکانیدا.

**بێئومیدی لە ئەمریکا**

لە دوانزە ساڵی رابردوودا ناسیونالیزمی کورد بەدیار وەعدەی بەهەشتی ئەمریکاوە دانیشتبوو لەم بارەوە نیگەران نەبوون لە ئایندەی دەسەلاتیان. بەڵام ئیستا کە واقعیەتی "عیراقی ئازاد " ی ئەمریکا دەرکەوتوە ناسیونالیزمی کورد تەنانەت لە چاو پیش ئەو ئازادیەدا جیگا ودەسەلاتی خۆی بەتەنگ و تار تر دەبینیتەوە. دیارە وەزع شرە کاتیك شیرکۆ بیکەس کە پیش شەری ئاخری ئەمریکا و رژیمی بەعس بەجورج بوشی دەوت " هاورێ بوش" ئاوا لە ئەمریکا دودڵ بوبیت کە هیچ بۆ کورد ناکات و چارەنوسیانی بەرەو نادیار بردوە بۆیە ناچارە پەنا بۆ رفراندۆم و مافی مرۆڤی خەلکی کورد بەریت. ئیمە دەمیکە هوشدارمان داوە بەوانەی بەم دەورە فریوکارانەی ئەمریکا خەلکیان فریو دەدا لەکوردستاندا و ببونە پیش لەشکری ئەمریکا. ئیستا روناکبیرانی بێحەوسەلەی کورد وەك هەلکەوت عبدالله دەزانن کە هەلویستی ئەمریکا جدی نی یە و مەسەلەی کوردی لە تەمومژەوە پیچاوە. بەڵام ئەحزابی سیاسی ناسیونالیزمی کورد ناتوانیت بەپێی رینوینی یەکانی روناکبیرەکانی بەرامبەر بە ئەمریکا هەلویستی پیچەوانە بگریت وداوای دەولەتی کوردی بکا. هەربۆیە ئەگەر رفراندۆم قبولیش بکات لە پیناو پەیداکردنی زەختیك بۆ سەپاندنی بەدیلی فیدرالیەکەیدا بەکاری دینیت. بەڵام نیگەرانی ئەسڵی ناسیونالیزمی تا ئیستا حاکمی کوردستان لە خودی نادیاری بەدیلی فدرالیەکەدایە.

**نادیاری فدرالی**

فدرالیزم کە پیشتر وەعدەی ئۆپۆزسیۆنی بوزژوازی لە کۆنگرەکانیدا ئیستا باسیکی لیوەناکریت و خراوەتە لاوە. چارەنوسیکی نادیار توشی ئەم بەدیلەی ناسیونالیزمی کورد بوە. ئەو خەیاڵەی ناسیونالیزمی کورد لەسەر فدرالی هەیبوو کە لەسایەیدا تەقسیمی دەسەلات لەنیوان ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبی لە عیراقدا دەکرێ پێناچیت عیراق زوویەکی بەپیت بیت بۆ سەوز بوونی . ئەمە ئایندەی گومان و ترس وبێئومیدی لای ناسیونالیزمی کورد دروست کردوە. ئەم بەشە لە روناکبیری ناسیونالیستی کورد دەزانن کە ئیتر چاوەروانی فدرالی وەك چاوەروانی گۆدۆ وایە بۆیە بەدوای بەدیلی واقعی ترەوەن کە بتوانیت دەسەلاتی ناسیونالیزم لەم خەتەری لەناوچونە بپاریزیت ئەویش جیاکردنەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتی قەومی کوردی یە. ئەم خەتەرە ئیئتلافی حاکمە کە تائیستا ناسیونالیزمی کورد تیایدایە و ئومید براو نەبوە لی ی بەو شیوەیەی روناکبیرەکانی .

**ترس لە ئیمامی شیعەی نەجەف**

ترسیکی گەورەی ئەم روناکبیرانەی ناسیونالیزمی کورد بوەتە ئیمامی شیعەی نەجەف کە تا ئیستاش گەرمترین هاوپەیمانی یەکیتی نیشتمانی یە. چاوەروانی ئەوەی ئەم کۆنەپەرستی ئیسلامیە دیاری عیراقی دیموکراتی بینن تەنها ئیستا نەزانراوە کە بێهودەیە بەلکو لای هەرکەسی کە خانەدانی جمهوری ئیسلامی ئیرانی بۆ ئەم شیعەی سیاسی یە بینیبیت لەیەکەم رۆژەوە ناوەروکی دژی ئازادی و دژی بەشەری ئەمانەی ناسیوە. بەڵام روناکبیرانی ناسیونالیست کاتیك لەگەڵ بەرژەوندی خۆیاندا دژایەتیان پەیداکردوە و ئامادەنین تەقسیمی فدرالیانەی دەسەلات لەگەڵ ناسیونالیزمی کورددا بکەن ئیستا هەست بەم خەتەرە دەکەن. وە ریگای پیکەوە هەلکردن لەگەڵ ئەم شیعە سیاسیەدا بەداخراو دەدەنە قەڵەم و براونەتەوە لەوەی کە دەسەلاتی داهاتوی عیراق بەدەست ئەمانەوە دەبیت و خەلکی کوردستانی عیراق دەکەونە ژیر چەپۆکی دەسەلاتیکی مەزهەبی سەرکوتگەرەوە و هیچ ئیمکانیك بۆ دەسەلات و بەدیلیکی تر بۆ خەلکی عیراق نابیننەوە. لیرەدایە کە روناکبیرانی ناسیونالیست کەوتونەتەوە ناسینەوەی حەرەکاتی قەومی و ئیسلامی نەیار وهاوقوماشی خۆیان کە چۆن لەگەڵ یەکتردا ناحەوینەوە و هەمیشە ترسی شەڕو پیکدادان وەك مۆتەکە لەسایەی وجودی ئەمانەدا بەسەر کۆمەڵگاوە سایە دەکا.

**ئه نجومه‌نی حوكمی عیراق**

نیسبه‌ی یه‌ك له‌سه‌ر پینجی ناسیونالیزمی كورد له‌و ئیئتلافه قه‌ومی مه‌زهه‌بی وعه‌شیره‌تی یه‌ی ناوی ئه نجومه‌نی حوكمی عیراقه و ده‌ستوریك كه دای ده‌نین گرفتیكی "تازه"ی تره لای ئه‌م روناكبیرانه كه رفراندۆم و جیابونه‌وه‌ی كوردستانی كردۆته پیویست. ئه‌وان به پێی ئه‌و ئه‌قه‌لیه‌ته‌ی كه ناسیونالیزمی كورد له‌و ئه نجومه‌نه‌دا هه‌یه‌تی وه له‌ناو خۆشیدا یه‌كیتی و پارتی منافه‌سه‌یانه وملی یه‌متر ده‌شكینن ده‌زانن كه دۆڕاون و هیچیان به‌نسیب نابیت. له جه‌ویكی سیاسیش كه ئه‌م ته‌ركیبه له‌عیراقدا خولقاندویه‌تی دیاره كه ته‌نانه‌ت ریگه‌ی گفتوگۆو حسابی كه‌مایه‌تی وزۆرایه‌تی و په‌یره‌وی په‌رله‌مانی نایخوات و ئه‌مریكا ئه‌گه‌ر نه‌یه‌ویت وبه‌قازانجی نه‌بیت كۆنترۆلی بكات هه‌مان ته‌جروبه‌ی شه‌ڕی ناوخۆی یه‌كیتی و پارتی له‌ئاستی عیراقدا به‌رپاده‌بیت. ئاشكرایه كه ئه‌م ته‌ركیبه قه‌ومی وئیسلامی و عه‌شیره‌تیه نه‌ك ناتوانن بۆ خه‌لكی عیراق رژیمیكی مه‌ده‌نی دا بهیننه سه‌ركار كه هه‌موو دانیشتوان وه‌ك هاولاتی یه‌كسان سه‌یر بكات به‌لكو خۆی سه‌رچاوه‌ی ته‌فره‌قه‌و شه‌ڕی قه‌ومی و مه‌زهه‌بی و عه‌شیره‌تیش ده‌بیت. ئه‌م ریگایه‌ی ئه‌حزابی حاكمی كوردستان بۆ به‌شداربون له ئه نجومه‌نی حوكمی عیراقدا گرتویانه‌ته به‌ر روناكبیری ناسیونالیست ده‌ترسێنێ و چاره‌نوس و ئاینده‌ی سه‌رتاپای ئه‌م ترسه دای گرتوه. ده‌یه‌ویت به هه‌ر ریگایه‌كه ئه‌گه‌ر رفراندۆمیش بیت هێز كۆبكاته‌وه تا خۆی له‌م چاره‌نوسه ترسناكه رزگار بكا.

ئه‌مانه نیگه‌رانی و ترسی ناسیونالیزمی كورده كه له ئاكامی سیاسه‌تی كه‌وتنه دوای ئه‌مریكا و ئیئتلاف له‌گه‌ڵ كۆنه په‌رستی ئیسلامی له‌عیراقدا توشی بوه و ئیستا به‌هۆیانه‌وه چاره‌نوسی ده‌سه‌لاته‌كه‌ی له كوردستان به‌نادیاری ده‌بینیته‌وه. ئه‌مه حه‌قیقه‌تی ناچاربونی روناكبیرانی ناسیونالیستی كورده له‌ڕوكردنه رفراندۆم بۆ پیكپنانی ده‌وله‌تی سه‌ربه‌خۆ و پاراستنی واقعیه‌تی ئیستای كوردستان له ده‌ست ئه‌و خه‌ته‌رانه‌ی له‌سه‌ر ده‌سه‌لاتی ئیستای ناسیونالیزمی كورد هه‌یه. ئه‌مه هه‌ولیكی دلسۆزانه‌ی روناكبیرانی ناسیونالیسته كه مه‌رج نی یه سیاسه تمه‌دارانی ناسیونالیزم بچنه ژێرباری له ئیستاوه و ئه‌وان له‌وه شاره‌زاترن له‌یاری كردن له‌سه‌ر په‌تی جیاوازیه‌كان و نان خواردن به‌نرخی رۆژ كه ئه‌م جۆره ئامۆژگاری و هه‌ولانه به‌ترسی ناوه‌خت ده‌زانن. ئه‌وان ده‌توانن وه‌ك دوانزه سالی رابردوو چاره‌نوسی خه‌لكی كوردستان به‌نادیاری بهیلنه‌وه و خه‌ریكی یاری ژێر چادری شه‌و بن له‌گه‌ڵ ئه‌و ئیئتلافه قه‌ومی ومه‌زهه‌بی یه‌دا له‌سایه‌ی ئه‌مریكادا به‌مه‌رجی مانه‌وه‌یان له بازنه‌ی ئه‌م یاری ده‌سه‌لاته‌دا.

ئامانجی ئه‌م روناكبیرانه له به‌رپاكردنی رفراندۆم خودی گه‌رانه‌وه بۆ رای خه‌لكی و سه‌لماندنی مافی مرۆڤ نی یه. ئه‌وان رفراندۆم ئیستا به‌وه‌سیله‌یه‌كی فشار ده‌زانن بۆ ئه‌وه‌ی له مه‌یدانی مساوه‌مه وئیئتلافدا نه‌یانتوانیوه پێی بگه‌ن و ده‌یانه‌ویت جه‌ماوه‌ر بكه‌نه پاشكۆی حه‌ره‌كه‌تی ناسیونالیزمی كورد بۆ زه‌مانه‌ت كردنی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی خۆی .

دوانزه ساله ده‌كرا كوردستان چاره‌نوسیكی تری ببوایه و سه‌رگه‌ردان نه‌مایه‌ته‌وه. ده‌كرا رفراندۆم به‌رپابكرایه و خه‌لك چاره‌نوسی خۆی دیاری بكردایه و توشی ئه‌و هه‌موو بێئومیدی و وه‌زعه په‌شیوه نه‌هاتایه. ئه‌م دوانزه ساله‌ی رابردوو به‌وجودی رژیمی به‌عس ونادیاری چاره‌نوسی كوردستان نه‌ده‌كرا چاره‌سه‌ری كیشه‌ی كورد به‌غه‌یری جیابونه‌وه له‌و رژیمه ریگایه‌كی تری له‌به‌رده‌مدا بوایه. به‌ڵام ئیستاش كه رژیمی به‌عس له‌نیوچوه و ده‌سه‌لاتی قه‌ومی عه‌ره‌بی له‌مه‌ركه‌زدا تیك شكاوه و بارودۆخیكی تازه له‌عیراقدا هاتۆته كایه‌وه، چ شتیك پاڵ به‌خه‌لكی كوردستانه‌وه ده‌نیت كه داوای جیابونه‌وه بكه‌ن؟ ئایا ترس له هاتنه سه‌ركاری رژیمیكی تری قه‌ومی ومه‌زهه‌بی عه‌ره‌بی تره كه خه‌لكی كورد بچه‌وسینیته‌وه ؟ ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌یه ریگا هیشتا كراوه‌یه بۆ كاركردن له پیناو هاتنه سه‌ركاری حكومه‌تیكی غه‌یره قه‌ومی و سكۆلار له عیراقدا. ئه‌مه ریگایه‌كه كه نه‌ك ته‌نها خه‌لكی كورد له‌ده‌ست سته‌می قه‌ومی به‌لكو له‌ده‌ست ده‌سه‌لاتی قه‌ومی كوردیش رزگاریان ده‌كات كه لانی كه‌م دوانزه ساله خه‌لكی كوردستان به‌ده‌ستیه‌وه ده‌نالینن. ریگای تر هه‌یه بۆ لابردنی گومان له نامه‌علوم بونی فدرالی و دژایه‌تی ئاشكرای ئه‌و ئیئتلافه فدرالیه له‌گه‌ڵ مافی خه‌لكی كوردستاندا بۆ دیاریكردنی چاره‌نوسی خۆی ، ئه‌ویش لابردنی خودی ئه‌م فدرالیه‌ته قه‌ومی ومه‌زهه‌بیه‌یه وه‌ك مۆدیلی ده‌سه‌لات وسرینه‌وه‌ی هه‌ر مۆركیكی قه‌ومی ومه‌زهه‌بی یه به‌ده‌سه‌لاته‌وه.

به پیچه‌وانه‌وه ئیمه خه‌لكی كوردستان ئیستا بۆ ئه‌وه هان ده‌ده‌ین كه پاشماوه‌ی ئاپارتایدی قه‌ومی یان له‌سه‌ر لاببریت و وه‌كو هاولاتی یه‌كسان له عیراقدا چاویان لیبكریت و داوای دامه‌زراندنی ده‌وله‌تیكی غه‌یره قه‌ومی وغه‌یره مه‌زهه‌بی ده‌كه‌ین له عیراقدا. لابردنی ئه‌م

خواستی عەلمانی بون و غەیرە قەومی بونەی دەسەلات و تەنها هاندانی خەلکی کوردستان بۆ جیابونەوە لە عیراق لە ئیستادا هیچ خزمەتیك بەمافە سیاسی ومەدەنی و باش بژیوی خەلك ناکات و ئەم پەلە کردنە تەنها لەسەر ئەساسی ترس لە لەدەست دانی ئەو دەسەلاتە کاتی یەی ناسیونالیزمی کوردە کە ئەمریکا لەلایەك و هاوپە یمانەکانی لە شیعەی سیاسی لەلایەکی ترەوە خەریکە بەرەی ژیر پیۆی دەردەهینن. هەربۆیە حەرەکەتی ئیمە بۆ سەلماندنی مافی بەرپاکردنی رفراندۆم و بریاردانی خەلکی کوردستان لەسەر چارەنوسی خۆیان بەتەواوەتی بەشوین ئامانجیکی جیاوازەوەیە لەو حەرەکەتەی کە ئیستا ئەم دەستە روناکبیرە ناسیونالیستە بەرپیان خستوە. ئامانجی ئیمە لەخزمەت خەلکی ستەملیکرا وبەشمەینەتی کوردستاندایە نەك لە پیناو پاراستنی دەسەلاتداریتی ناسیونالیزمی کورددا. ئیمە هاوکات کە داوای بەرەسمی ناسینی مافی جیابونەوەی خەلکی کوردستان و بەرپاکردنی رفراندۆم دەکەین وەك شیوازی چارەسەری کیشەی کورد لەعیراقدا لەهەمان کاتدا داوای بەرەسمی ناسینی مافی هاولاتی یەکسان بۆ خەلکی کوردستان دەکەین و خەلکی کوردستان هان دەدەین کە لە ئیستادا لە چوارچیوەی عیراقدا کاربکەن بۆ هاتنە سەرکاری دەولەتیکی غەیرەقەومی و سکۆلار کە هەموو پاشماوەیەکی ئاپارتایدی قەومی لەعیراقدا بسرپیتەوە.

ئاسۆ کمال
ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق
و بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم
ناوەراستی ئۆگەستی 2003 TEL:00447708035250
EMAIL:asokamal@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.